# پەیامی کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە
# بۆ بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران

دۆستانی خوێندکار!

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە سلاو دەنێرێ بۆ ئێوە هاوڕێیان و دۆستانی خوێندکار کە لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەتان دا ئاوات و ئارەزووی جەماوەری خەڵکی ئێرانتان بە دروشمی "مەرگ و نەمان بۆ ویلایەتی فەقیە"، "خاتەمی،خاتەمی، ئیستعفا" و "بژی ئازادی" بە دەنگی بەرز دەربڕی. پشتیوانیی روون وئاشکرای خەڵکی ئێران لە خەباتی خوێندکاران کە لە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردان دا و تەنیا لە ماوەی دە رۆژدا تەشەنەی کردە زۆربەی ناوەندە خوێندکارییەکان، دەریخست کە لە هەل‌ومەرجی سیاسیی ئێستای ئێران دا بزووتنەوەی ئێوە بۆ گەشە پێدانی بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێ تا چ رادەیەك گرینگ و پڕبایەخ بێ.

رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەیەکی کورتی پاش بە دەسەڵات گەیشتنی و پاش دەست بەسەرا گرتنی راپەڕینی شکۆداری خەڵکی ئێران، لە ناوەندە فەرهەنگییەکان و لەوانە لە زانکۆکان دا دەستی دایە هەڵاواردن و پاڵاوتنێکی بێوێنە. ئەمە پلانێکی جینایەتکارانەی درێژماوە بوو بە مەبەستی تێکدان و گۆڕینی سیمای ئەو توێژە رووناکبیر و خوێندەوارە کە بە درێژایی مێژووی ئێران ناوەندی گەشەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و پێشڕەو لە کۆمەڵگادا بوو. مەلا دەسەڵاتدارەکانی ئێران ئەمەیان بە جۆش دانی حەوزە و زانکۆ ناودێر کرد و بە تەمای ئەوە دڵیان بە تەمەنی هەزار ساڵە بۆ رژیمە سەدە ناوەڕاستییەکەی خۆیان خۆش کرد. بزووتنەوەی خوێندکاری لە چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەت بزووتنەوەی ئەم دواییەی ئێوە لە مانگی جۆزەردان دا ئەم ئاوات و ئارەزووەی لە دڵی رەشی ئاخوندە ستەمکارەکان دا مراند. راشکاوی ئێوە لە دروشمەکانتان دا دەریخست کە ئەم بزووتنەوەیە بەرەو ئەوە دەچێ هەتا بە تەواوەتی خۆی لە چوارچێوە بەرتەسکەکانی ئیسلاحخوازانی نێودەسەڵات دەرباز کا و بەم جۆرەش هەموو تین و تەوژمی ئەم بزووتنەوەیە لە پێناو ئازادی و خەبات لە دژی سەرەڕۆیی روحانییەتی دەسەڵاتدار وەگەڕ بخات.

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە بەشێك لە کاتی خۆی بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بزووتنەوەی ئێوە دۆستانی خوێندکار تەرخان کرد وئاماژەی دا بە جێگا و شوێنی گرینگی ئەو بزووتنەوەیە لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی. ئێمە لەم رێگایەدا ئاواتی سەرکەوتنی زۆرترتان بۆ دەخوازین.

بژی ئازادی

بڕووخێ رژیمی کۆماری ئیسلامی

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

پووشپەڕی ١٣٨٢ ، ژوئیەی ٢٠٠٣ی زایینی

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**